### ڕاپۆرتێك سەبارەت بە قەیرانی ئەتۆمی ئێران:

# ڕاپۆرتی دۆسیەی ناوکی ئێران بە شووڕای ئەمنییەت

جەمشید پیشیاری




دوای زیاتر لە دوو ساڵ دانیشتن و وت و وێژی وڵاتانی ئوروپایی و لایەنەکانی دیکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەر کێشەی ناوکی ئەو وڵاتە، لە دواوایین دانیشتنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمدا بە ٢٧ دەنگی موافق و ٣ دەنگی نەیار و ٥ دەنگی بێ لایەن لە کۆی ٣٥ ئەندامی ئەو ئاژانسە بڕیار درا ڕاپۆرتی دۆسیەی ناوکی کۆماری ئیسلامی بدات بە شووڕای ئەمنییەت. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم بۆ ئەوەی کە دەرفەتێکی بە کۆماری ئیسلامی دابێت، بڕیاری دا کە هەر چەشنە کردەوەیەکی شووڕای ئەمنییەت هەتا کۆبوونەوەی مانگی مارس وەدوا بخات.

ئەم بڕیارەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم دوای تاقیکردنەوەی ڕێگەی جۆراوجۆر لە لایەن وڵاتانی ئوروپایی و رووسیە و لایەنەکانی دیکەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە چارەسەری ئەم قەیرانە بکرێت، دەرچوو. کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەم دانیشتن و وت و وێژانە بە ڕواڵەت بەڵێنی داوە کە چالاکی پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت و لە پێناو چارەسەر کردنی ئەم قەیرانەدا هەنگاو هەڵگرێت. بەڵام نیشانەکان دەریان خستووە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی وت و وێژەکاندا لە بنەوە خەریکی پیتاندنی یۆرانیۆم بووە و مەبەستیان لەم وت وویژانە ئەوەیە کە بەڵکوو دەرفەتێك بەدەست بێنن هەتا دستیان بە کەرەسە و ئامرازی وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆم ڕابگات. کۆماری ئیسلامی کە لەم پێناوە زۆر دڵی بە رووسیە و هێند و چین خۆش بوو، دوای ئەوەکە پێشنیاری رووسیە بۆ ئێران بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە ڕەت کرایەوە، ئێران ئەم هیوایەشی لە دەست چووە و هێندەی تر قەیرانەکەی لێ توندتر بۆتەوە.

سەرانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت باڵی هەرە کۆنەپەرەست و پاوانخوازی ڕژیم لە بەرامبەر ئەم بڕیارەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمدا هەڵوێستی توندیان لە خۆیان نیشان دا و هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر ڕەوتەکە ئاوا بڕواتە پێشێ، ئەوان لە پەیماننامەی قەدەغە کردنی بڵاو بوونەوەی چەك و چۆڵی ئەتۆمی دەکشێنەوە. مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری ئێران لەمبارەوە وتوویە: ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران درێژە بدەن، ئێران لە پەیماننامەی قەدەغە کردنی بڵاوبوونەوەی چەك و چۆڵی ئەتۆمی دەکشێتەوە. ئەو هەروەها وتوویە: ئێران هەتا ئێستا لە چوارچێوەی ئەو پەیماننامەیەدا کاری کردووە، بەڵام ئەگەر ڕۆژئاوا بێهەوێت لەو پەیماننامەیە بۆ پێشێل کردنی مافی ئێران بۆ بەهرەمەند بوون لە تەکنۆلۆژی ئەتۆمی کەڵك وەربگرێت، ئێران لەمبارەیەوە سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت. هەر لەمبارەیەوە خاتەمی سەرکۆماری پێشووی ئێران هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە هۆی بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە گەمارۆ بخاتە سەر ئێران، ئەوا نرخی نەوت بە شێوەیەکی خێرا بەرەو هەڵکشان دەبێت.

کێشەی دۆسیەی ناوکی کۆماری ئیسلامی بەشێك لە کاری هەواڵنێرییەکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە و ئەو لایەنانە کە لەمبارەیەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خەریکی وت و وێژن ئاراستەی قسە کردنیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێت و شەفافتر لەمبارەیەوە قسە دەکەن. لە ڕۆژانی رابردوودا وەزیری دەرەوەی فەرانسە ئاغای فلیپ دوستە بلازی لە وت و وێژ لەگەڵ یەکێك لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی فەرانسە ڕایگەیاندووە کە بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی پرۆژەیەکی نهێنی و سەربازییە. ئەو هەروەها وتوویە کە هیچ بەرنامەیەکی غەیری سەربازی ناتوانێت پاساوێك بۆ چالاکی ئەتۆمی ئێران.

هەروەها لە دوایین دانیشتنی نێوان سەدری ئەعزەمی ئاڵمان و تونی بلێر سەرۆك کۆماری بریتانیادا، خانمی مێرکل وتوویە کە تاران هێڵی سووری تێپەڕاندووە و جەختی لە سەر هەوڵی دیپلۆماتیك بۆ چارەسەر کردنی راوەستانی وت و وێژەکانی تاران ڕۆژئاوا کردەوە.

# چاوخشاندنێك بە سەر کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ساڵڕۆژی ڕاپەڕیندا

وتارێکی رادیۆیی

بیستوشەشەمین مین ساڵوەگەڕی دەسپێکی ڕەوتی خنکاندنی ئامانجەکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ و بیست و حەوتەمین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری پاشایەتیی پەهلەویی، تێپەڕیی. بیست و حەوت ساڵ لەوە پێش، جەماوەری ئێران پاش نزیك بە دوو دەیە خەباتی بەردەوام و ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەری و سەرشەقام، توانییان تاج و تەختی ڕژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی و سەرەنجام دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتی ئێران لە بن بێنن.

بەڵام ئایا بە ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی، ئازادی و دێمۆکراسی لەم وڵاتە هاتە ئاراوە و سەقامگیر بوو؟ بە دڵنیاییەوە و بێ هیچ شك و گومانێك وڵامی ئەم پرسیارە "نا" یە. پاش ڕووخانی ڕژیمی پێشوو، حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو هێرشی کردە سەر دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ. کۆماری ئیسلامی، ئەم حکوومەتە نوێیە، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئەمپریالیسم و بەرەنگاری لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکی ڕێگەیان لە هەر جۆرە ڕادەربڕینێکی ئازاد و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە دەسەڵاتی تازە پێ گەیشتوو گرت و دەرگای زیندانەکانیان کە هەر چەند مانگ پێشووتر بە دەستی کۆمەڵانی خەڵك شکێندرابوون، بە ڕووی ئازادیخوازان و ئەو کەسانەی وا تێگەیشتبوون ئەم ڕژیمە نوێیە ڕژیمێکی دژە شۆڕش و دژە مرۆڤە، کردەوە و شەپۆلێکی نوێ لە گرتن و لە بەند کردنی بیرجیاوازان و ئازادیخوازان دەستی پێکرد. ژنان یەکەم قوربانییەکانی ئەم سەرکوتانە بوون.

یەکەم هێرش بۆ بەربەست کردنی ئازادییەکان کرایە سەر ژنان و بە بڕیاری خومەینی، پۆششی ئیسلامی بە سەر نیوەی کۆمەڵگای ئێراندا سەپا و ژنانێك کە دەست بە جێ و پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە دواکەوتووانەیە، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین ڕژابوونە شەقامەکانی تاران، کەوتنە بەر پەلاماری داروەدەستەی قەمەکێشی حیزبوڵلا و تێزاب کرا بە سەر و روویاندا. ئایین و بیروبۆچوونی دواکەوتووانە، هاتە ناو سیاسەت و باڵی بە سەر یاسا و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگادا کێشا و بوو بە پێوەر و پێوانە بۆ هەڵسووکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا و سەدان کەسیان نارده پای سێدارە.

تەنانەت بۆ چەندین مانگ ژنان بە تەواوەتی لە سەرجەم دام و دەزگا ئیدارییەکان وەلانران و ئاستی ئەم بێ ماف کردنە بە جۆرێك بوو کە وەزارەتی پەروەردە بە هۆی دەرکرانی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە مامۆستایانی ژن، تووشی گرفتی کەمی مامۆستا هات. دام و دەزگای سامناکی ساواکی پەهلەوی کە بە ڕاپەڕینی خەڵك تێکەوە پێچرا بوو، سەر لەنوێ و ئەمجارەیان لە ژێر ناوی ئیتلاعاتی سپا و دواتر وەزارەتی ئیتلاعات و هەڵبەت بە هێز و کارگێڕانێکی نوێی لایەنگری ویلایەتی فەقیهەوە بوژایەوە و دەیان و سەدان بەندیخانەی دروست کرد و بوو بە ئامرازی ترساندن و تۆقاندن و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا و ئازادیخوازان.

سێ مانگ دواتر، لە خاکە لێوەی ١٣٥٨ دا، کۆماری ئیسلامی لە ڕاپرسینێکی ڕواڵەتی و فەرمایشی دا و لە نەبوونی هیچ جۆرە بەدیلێکی سیاسی و بە پێی ئامارێك کە هەڵبەت هیچ چاوەدێرێکی نێونەتەوەیی بە سەریەوە نەبوو، دەنگی متمانەی زیاتر لە سەدی نەوەدی جەماوەری ئێرانی بە دەست هێنا و بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی دەسەڵاتەکەی خۆی و جۆری حکوومەتی ڕاگەیاند و بە کەڵك وەرگرتنی سیاسی لەو ڕاپرسینە و ئاکامەکەی، دڕندەتر لە چەند مانگی پێشوو بەربووە گیانی نەیارانی حکوومەتی ئیسلامی.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، جینایەتەکانی ڕژیم لە کوردستان، تورکەمەن سەحرا و خووزستان و سیستان و بەلووچستان خولقا. ڕژیم بە هێرش کردنە سەر کوردستان لە دوو قۆناغدا، سەلماندی کە کەمایەتییەکان لە ئێران، چ نەتەوەیی و چ ئایینی هیچ ڕێز و مافێکیان نییە و بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی دژایەتی خۆی لەگەڵ گەلانی بندەستی ئێران نیشان دا. لە کوردستان بە هەزاران مرۆڤی تێکۆشەری خەڵتانی خوێن کرد. کوشتاری خەڵك لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە کە بە نەورۆزی خوێناوی سنە ناوبانگی دەرکرد، قەتڵی عامی خەڵکی ئاواییەکانی قاڕنێ و قەڵاتان، ئێعدامی ٥٩ کەس لە خەباتگێڕانی شاری مەهاباد، تێرۆری نەیارانی سیاسی کورد لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی وڵات، چەند نموونەیەکی بچووکن لە جینایەتەکانی ئەم ڕژیمە لە کوردستان. کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ و چەندین کارەساتیتر وەك قەتڵە زنجیرەییەکان، بەرهەمی ئەم ڕژیمە بۆ خەڵکی ئێران لە ٢٧ ساڵی ڕابردوو بووە.

بێجگە لەمانە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، وڵاتی ئێرانی تووشی کارەسات و خەساری گەورە کرد و بە سەدان هەزار مرۆڤی ئێرانی و عێراقی لەم شەڕەدا گیانیان لە دەستدا. شەڕێك کە هەر لەسەرەتاوە دەکرا کۆتایی پێ بێت، بەڵام بە بڕیاری ڕەفسەنجانی و هاوبیرانی و پاوانخوازی ئیسلامی و بۆ گرتنی نەجەف و کەربەلا و دواتر قودس و سدوری ئینقلابی ئیسلامی، هەشت ساڵی خایاند و دەربەدەری دەیان و سەدان هەزار مرۆڤی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران و عێراق و تێداچوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی لێکەوتووەتەوە. شەڕێك کە خودی ڕێبەرانی ڕژیم دانیان بەوەدا نا کە بەرەکەتێك بوو بۆ کۆماری ئیسلامی. بە بیانووی ئەوە کە ئیسلام و حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ کافر و ئیمپریالیزم لە شەڕدایە و سیخوڕانی بێگانە لە ناوەوە خەریکن حکوومەت لاواز دەکەن، سەدان مرۆڤی ئازادیخواز تاوانی سیخوڕیان لێدرا و لە ناوبران.

لە ماوەی ئەم بیست و حەوت ساڵە لە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێستا دەبینین کە ٧٥٪ لە خەڵکی ئێران تووشی هەژاری بوون. دیاردەی ژنانی سەرشەقام، منداڵانی بێ سەرپەرەست، دزی، ئێعتیاد، کڕین و فرۆشی کچان و ژنان و باندەکانی ڕفاندنی مرۆڤ و فرۆشی ئەندامانی لەشی مرۆڤ، فەساد و فەحشا و قەتڵ و جینایەت و خۆکوژی و خۆسووتاندن لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە بە پێی حەشیمەت بە قەدەر وڵاتی ئێران نەبینراوە. ناهومێدی و بێ ئاسۆیی لاوانی ئێرانی داگرتووە، ڕژیمی ئێران لە کوردستان بە ئەنقەست دیاردەی مادده سڕکەرەکان پەرە پێ دەدا و ئەمە پیشەی ئەم ڕژیمەیە لە هەر ناوچەیەك کە بزووتنەوەیەکی بەرەنگاری تێدا بێت. تێرۆر و پیشەو پێناسەی ئەم ڕژیمەیە چ لە ناوخۆ وچ لە ئاستی بیروڕای گشتی جیهان دا، کۆماری ئیسلامی گەورەترین دوژمنی ئازادی و دێمۆکراسی چ لە ناوخۆ چ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بە دەیان ساڵە، ئێران بە گەورەترین بەندیخانەی ڕۆژنامەنووسان ناوبانگی دەرکردووە و قەڵەمەکان دەشکێندرێن و زمانەکان دەبڕدرێ. هیچ ڕاگەیەنەرێکی گشتی میللی و سەربەخۆ کە لە خزمەت کۆمەڵانی خەڵکدا بێت، لەم وڵاتەدا نییە و لە هەشت ساڵی ڕابردوودا کە تەنانەت توێژێك بە ناوی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی هاتنە ناو دەسەڵاتەوە، ئاڵوگۆڕێك بە سەر یاساکانی حکوومەت و شێوەی هەڵسووکەوتکردنی دەسەڵاتداران لەگەڵ کۆمەڵگا پێك نەهات.

ئێستا ڕژیمێك کە ئیدعای دێمۆکراسی لە ئێراندا دەکا و ڕەخنە لە وڵاتانی ئوروپایی دەگرێ و لەمەڕ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، بە توندی لە ژێرگوشاری بیروڕای گشتی جیهاندایە بۆ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، ئەم ڕژیمە گەورەترین کێشەی لە ناوچەکە و جیهاندا سازکردووە و دەیهەوێ بە چەکی ئەتۆمی خۆی تەیار بکات. دەست لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەردەدات و بەر بە هێمنی و هێور بوونی ناوچەکە دەگرێ.

ئەمانە بە کورتی پێناسەکانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بوو لە ٢٧ ساڵی ڕابردوودا. ئەم ڕژیمە ڕۆژی خنکاندنی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندان جەژن دەگرێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کارناسان دەڵێن لە سەدا ٧٥ی ئەو کەسانەی دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا نەماون. بەڵام کۆماری ئیسلامی حازر نیە مەشرووعیەتەکەی بخاتەوە پێی ڕاپرسییەکی دیکەی جەماوەری. ٢٧ ساڵە ئەم ڕژیمە ئێرانی کردووە بە جەهەنەمێك بۆ گەلانی ئێران و سەرمایە سروشتییەکانی هەڵدەلووشێ و هەژاریان بۆ خەڵك بەدیاری هێناوە.

**ناهومێدی و بێ ئاسۆیی لاوانی ئێرانی داگرتووە، ژنانی سەرشەقام، منداڵانی بێ سەرپەرەست، دزی، ئێعتیاد، کڕین و فرۆشی کچان و ژنان و باندەکانی ڕفاندنی مرۆڤ و فرۆشی ئەندامانی لەشی مرۆڤ، فەساد و فەحشا و قەتڵ و جینایەت و خۆکوژی و خۆسووتاندن لە ئێران لە هەموو شوێنێکی جیهان زۆرترە**